www.kurdistannet.org
25/07/2003 19:34

# سەدام دیکتاتۆرێکی زۆڵ و، عودەی و قوسەیش : کالیگۆلای بێئەخلاقی بوون !!

حە مەی ئەحمەد ڕەسووڵ

بەشی یەکەم :

تاوانباری وپیاوکوشتن و خوێنڕشتن لە خەسلەتە زۆر دیارەکانی ڕژێمی بەعسی فاشی بوو ، ئێمەی خەلکی ئەو ولاتە ئەم ڕاستییە ئاشکرایە وەکو ڕۆژی رووناك ئەزانین و هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە و لەگەڵ کوودەتا شوومەکانی بەعسیە قەومییەکانەوە دەرکمان بەو ئێشو ئازارە دژوارانە کردوون کە لەبەرئەوەی تەنها لەبەرئەوەی کە قەدەر وایکردووە و کوردین ـ زۆریش پێی شکۆمەندین کە کوردین ! ـ لەوڕۆژەوەی پیاوە ناپیاوەکانی بەعس کوودەتا دوای کوودەتایان بەسەر ناسیاوو هاوەڵ وبرادەر و دۆستی خۆیانا لە شەست وسێ و شەست و حەوت و شەست و هەشتاو کوشتن و لە سێدارەدان و سەرنگوونکردن و زیندانکردن و زیندەبەچالکردن و کۆکردنەوە و لەخشتەبردنی خەلکانێکی زۆر لە کورد و سیاسەتمەدارەدژبەبەعسییەکان و ئەوجا بینا بەسەرداڕووخاندن ـ ئیشارەت بۆ بینایەو کۆشکی نیهایەت (قەسری نیهایە) لە بەغدا . هەڵمەتی بێشووماری بەعسییەکان بۆسەر ماڵ و خوانی خەلکان لە نیوەشەوان و سپێدەدا و ترساندن و تۆقاندنی خەلکی سیڤیل و گرتن و کوشتن و لەسێدارەدان وپیاوان و کوڕ گەلی ولات و ئەتککردن و هێرشی هوڤیانەی ناپیاوەهەردەم برسییەکانی بەعسی فاشی بۆسەر ناموس و ئاکارو عیززەتی بەرزی دایکان و خوشکان و هاوسەران و دەزگیرانە نەبەزەکانی ڕۆڵەی نەبەردی ئێمەی هەمیشە زیندوو :

ئەوانەی هەرگیز سەری بلندیان بۆ ژێردەستی وسەرنەویکردن

بۆ دوژمن وپلانی گلاوی بەعسییەکان دانەنەواند . .

ئاگر و ئاسن و هەموو چەکە کۆن و نوێیەکان بۆ سەرکووتکردنەوە و سەرشۆڕی و بەزۆر بەبەعسیکردن وبوون بە سیخوڕ و جاش و سپلە و پارەپەرست و بێشەرەف وبێباوەڕ بەکارهاتن و کەوتنەگەڕ . ئیدی دامودەزگاکانی دەولەت لە ئەرکی ئیدارەیی و کارگێڕییەوە بە قودرەتی قادر هێدی هێدی گۆڕان و بوون بە دامودەزگای تایبەت بە موخابەرات و ڕاپۆرتنووسین و نهێنی دز و بۆئەم کارەش بووقی زلی میدیاکان کەوتەگەڕ لەپێناو یەك مەبەستدا ، سەربازگەری و لەشکرگەری سەرتاپای ولات و تەرخانکردنی سامان و ئابووری زۆر دەولەمەندی ولات بۆ سەرکووتکردنی ئینسانی گەورە و شکۆدار و مرۆڤی خودان خەون و هیوا دەرهەق بە ئایندە ی ژیانێك کە شایانی گوزەران بێ نەك کولە مەرگی و مەمرەو مەژی و سەشۆڕی . . . .

ئابووری و سیاسەت و تەکنۆلۆژیا و پلانی تێکڕای دامودەزگاکان تەنها بۆ لەناوبردن و زیندەبەچالکردنی هیوا و ئاوات و خەونی سەوزی ئینسان تەرخانکران و . . . . هەموو جوولە و هەناسەیەك هەربۆئەو مەبەستە بۆگەنە کەوتنەگەڕ . ئاشی گەرم کەوتە گەڕ بۆ هاڕینی سەری ئینسان ، ئەو سەرەی پڕبوو لە خەونی ڕەنگالە !! ئەوسەرەی پڕبوو لە باوەڕی هیومانیتی و ئینسانپەروەری و ئازادیخوابی . . . . . . . !!!

ئاش کەوتنەگەڕ بۆ هاڕینی زیندووەکان !! فابریکەکان دامەزران و کورسی و کێبلی کارەبایی و زنجیر و کەلەپچە و لاستیك و چەرم و قوماش و کفن و پەتی قەنارە و تەناف و گوریسی سێدارە وئەمەو ئەوە و ئەوە ووووووو . . . . . . . . هتد . چێکران و بەبەرهەم هێنران . یەکەم ئافەریدەی پیاوە ناپیاوەکانی بەعسی لە فاشیتر هاتەدونیاوە . ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مژدەی دەستەبەرکردن و ئافەریدەی نوێ بە گوێمانا چژەی دەهات . . . . . . !!

مژدە پێشکەوتین و پێشبڕ کێ لەگەڵ گەورە ولاتانی دونیادا هاتەگۆڕێ . . . . !!!

مژدە ولات لە گاگۆلکێکردن تێپەڕی و هەستایەسەرپێ . . . . . . !!

* <<+ ئیدی کێ ئەوێرێ بلێ لەل !! لەلی ئەبڕن !

+ کێ ئەوێرێ هاوارکا چۆڕە هەوایەك لە ئازادی ! هەوای لێ ئەبڕن و بۆی پڕ ئەکەن لە سیانید و لە خەردەل !!!!

+ کێ ئەوێرێ بلێ نیشتمان چاوی ڕەش و جوانە . . . !! چاوی هەلئەکۆلن !! و چاوی دەستکردیشی لە پشتەسەریدا بۆدائەمەزرێنن !!

+ کێ ئەوێرێ بلێ سەربەخۆیی !! هەواری سەربەخۆی بۆ ئەبەنە گۆڕستانە زۆرو زەبەندەکانی کە شارو گوندی ولاتی هەشبەسەری پێڕازاونەتەوە . . . !!!!!!!!

+ کێ ئەوێرێ ئاهو ئاخێکی گەرم هەلکێشێ و هەناسەی ساردو بۆگەنی نێو سینە ڕەقەلەکەی بێنێتەدەر . . . !!

+ کێ ئەوێرێ بلێ ئای چیت بەسەرهات ئەی ولاتی ئازیز !!

www.kurdistannet.org
25/07/2003 19:34

+ کێ ئەوێرێ لە داخی ژیانی نەفرەتی نێو دۆزەخەکەی سەددام بڵێ ئەی وێران بی وڵات ! !

" " ئەملام تات ، ئەولام تات . . ئەی بابە جیقم دەرهات ! ! " " *

ئەی چی بکەین !؟ ئەی چی بێژین !؟ لە حەزرەت و حوزووری نیشتمانی زیندانی و خاکی سووتماکا وەك زیندووی مردوو ژینی نێو دۆزەخ و نەعللەتی و سەرشۆڕی ئەبەیتەسەر . . هەر مردووی و ڕۆژی سەدجار مەرگت نیشانئەدەن ! ! بیر لە کۆچ ئەکەیتەوە و هەگبەی سەرگەردانی خۆت لە بوخچەیەکی تاریکی وەك ئاسمانی وڵاتەکەت بۆر و چڵکن ئەپێچیتەوە و هەموویادگاری و ئەشق و دۆست و وورد و مەزنی زێدە ئەتککراوەکەت جێدێڵی و ڕێگای هات و نەهات و ئایندەی شووم و نادیار هەڵئەبژێریت . . ڕەنگە تۆ بکوژرێیت و نەگەیتە ئەودیوی سنوور . . . ! ئەو سنوورەی سەدان و هەزاران لە تارمابی مۆتەکە و جنۆکە سیخوڕەکانی ( زۆڵە دیکتاتۆر ) تەنیویانەو دەربازبوون لێی مەحاڵە ! ! !

یان ڕزگاریشت ئەبێ و خەونی کۆچ دێتە دی و ئەوجا وردە وردە شەپۆل و گێژاوی غوربەتی و نامۆبی تاراوگە و تەنیابی دەم سەرابی ڕۆژاوا بەردەرگای ماڵی چۆڵ و ساردت پێئەگرن . . . . . ! ! ! ! >>

* * *

لە نیشتمانی میزۆپۆتامیا و سەرەتاکانی ژیاری و شارستانێتی کۆن و نوێدا ، دوای ئەوەی کە یەکەم وانەی یاسا و دیرۆك و زانست و نووژداری و زۆری دیکە لەو وڵاتەی ئێمەدا ڕووناهی بە گەردوونا پەخشکردەوە . . وڵاتی ئاوێتە و تێکەڵە لە ڕەنگە جیاوازەکان و ئاین و ئەتنیە جیاجیاکان و ڕەنگی پێست و جلوبەرگ و ڕەوشت و هەڵسوکەوتە هەمەچەشنە و ماڵ و هەوار و کەپر و کۆشکی جیاواز و سروشت و خاك و ئاوو هەوای لێکجوودای کوردستان لەلایەکەوە و هەرێمی بیابان و ئەهوارِ و دەشتی یان وشك و یان ئاوداری باشووری لە لایەکی ترەوە نیشتمانەکەی ئێمەی زیاتر ڕازاندبۆوە و لە مۆزەخانەیەك ئەچوو < کە خەڵکانی ڕۆژاوا و هەندەران هەزاران کیلۆمەتری بۆ ئەبڕن و پوول و پارەیەکی زۆری لێ خەرجییئەکەن تەنها بۆوەی چەند هەفتەیەك لە خزمەت دیدەنی و دیداری ئەو ناوچەیەدا بن کە بۆوان وەك خەونێکی ئەفسانەبی وایە و جیبەجێکردنی پلان و پاشەکەوتی پارەیەکی ئەوتۆی ئەوێ ! > .

کەچی موخابن و زۆریش ئەفسووس ! ! وا نزیکەی چوار گرێی سەدەیەکە لەو وڵاتە ئەفسوناوییەدا _ ئەو وڵاتەی لەسەر ئاڵتوونی ڕەش نووستووە و زەنگینترین وڵاتی دونیایە لە نەوتا و بەپیتترین خاکی دونیای لێ بۆتە نسیب ! ! موخابن لەو وڵاتەدا کە سەدان سەدەیە هەروەك تیشکی لێزەر ، زانست و ژیاریی بە کەون ئەبەخشی و ئائەو وڵاتە لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی ئۆقیانووسەکانا بوایە لە مێژبوو ئەمەریکا دۆزرابۆوە و ئەمێستا ئاوا بێ مێژووی شارستانێتی نەئەبوو . . ! ! بەڵام ئەفسووس لەو خاکە زێڕینەدا و بەپیرۆز بەپیتەدا ، لەوخاکەدا کە یەکەمین وانەی ئینسانی لێوە درا ، پیپەتییەکی پڕ لە کێچ و کرێش ( کە لە دێیەکەوە سەریهەڵدا کەناوی عوجەیە ، واتە : گێڕو گێچ ! کە سەراپا هەموومانی گێڕو چەوت و پەککەوتە و کرد و یەکەم وانەی کوشتن و بڕین و تۆقاندن و لەناوبردن و لەڕیشە دەرهێنان و زیندەبەچاڵکردن و بەتاك و کۆکوشتنی دا بەگوێی گەورە و بچووکی ئەو خاکەدا . . جارِ بۆ ئینسانێکی نائینسان درا ، جارِ بۆ سیخووڕی و ناپاکی و تەماهو دەسپیسی و داوێن پیسی و زمان پیسی و گوێ هەڵخستن وبرا لە برا کەوتن درا و بە پارەی سپیی نەوتی ڕەش قوتابخانە پەروەردەیە شوومەکانیش بۆ ئەم مەبەستە بە نهێنی و بە ئاشکرابی دامەزران و جەللاد و زۆڵە مرۆکان بوونە مامۆستا و ڕۆڵەی بەدبەخت و جاهیل و خۆویست و پێپەتییەکانی عوجەی بەدناو و تەکریتی ڕەشناو بوونە قوتابی و ئیدی وەکو شارە مێرووڵەی ورووژاو بەرەو ڕاست و چەپ بڵاوبوونەوە و ژەهری کوشندەی خۆیان ڕشت ! ! ئیدی تۆوی ئەو ژەهرە چەکەرەی کردو : لە جیاتی برایەتی ، دوژمنایەتی و ، لەجیاتی خۆشەویستی ، ڕق وکینە و لە جیاتی دڵپاکی ئیرەبی و بەغیلی پیبەربی و لە جیاتی سەربەرزی و عیزەتی دەروونی ، ملکەچی و خۆفرۆشیی بوونە باوو مۆدێلی زەمانە . . ! !

دوودڵی و دڵپیسی بڕوانەمان بوونە سابات و کەپری زەمانە و چەپگەردی ڕەش و ئیدی ئەو زەمانە بەسەرچوو کە تیایا بەرکەماڵبوو دڵپاکی و ڕاشکاوی و متمانە . . ! !

دیکتاتۆرێکی زۆڵ . . . پێپەتییەکی بێئەخلاق . . . وڵاتێکی شیرین و خاکێکی شیرینتر و

ژیانێکی سادەو بێوەی وئاسوودەی لێگۆڕینەوە بە وڵاتێکی لە ژالە تاڵتر و . .

گوزەرانێکی لە ژەهر کوشندەتر و . . گوڵی لێکردین بە دڕك و نانی لێکردین بە خۆڵ . . . . ! ! ! !

* نێو کەوانەکە پەندێکی پێشینانە .

<u>*ماوێتی*</u>

تێبینی کوردستان نێت:

www.kurdistannet.org
25/07/2003 19:34
ئەم نووسینە بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org